ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# بەداخەوە بۆ حزبی شیوعی و ڕۆژنامەکەی

نووسینی: بێ هەڵوێست

شوباتی ٢٠٠٥

ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان سەر بە حیزبی شیوعی لە ژمارە (٦٢٨) یدا کە لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١/٢٦ لاپەڕەی یەکەم بابەتێکی بڵاوبۆتەوەو بە ناونیشانی هەڵبژاردنی فەلەستین.. ئیسلامی سیاسی ڕاگەیاند) کە لە سایتی (هەڵوێست) وەرگیرابوو.

بابەتەکەش پاش هەڵبژاردنی فەلەستینی کە ئیسلامییەکان بەشدارییان تێدا نەکرد نووسراوە. نووسەری بابەتەکە دەڵێ کە ئەو هەڵبژاردنە بە دنیای گەیاند کە ئیسلامی سیاسی خواستێکی جەماوەری نییە.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دوای ئەوە کراو و ئیسلامییەکان بەشدارییان کرد و زۆربەی کورسییەکانی شارەوانییەکانیان دەستکەوت ئیدی نازانم نووسەری بابەتەکە چی دەڵێ ؟ یانیش ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان چی دەڵێ؟ چوار ڕۆژ دوای دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق کراو حزبی شیوعی نەیتوانی هیچ کورسیەك لە ئەنجومەنی پارێزگاکان بە دەست بهێنی و ئەو سێ کورسیەش لە پارلەمانی بەخۆڕایی دەستی کەوت، ئەی ئەو ئەنجامی چی بە کوردی ڕاگەیان؟ برادەرینە خەڵك وا بە سووك تەماشا مەکەن دەنا وەکو چۆن تا ئێستاکە بەجێ ماون هەر بەجێ دەمێنن. ئاقڵ ئەو کەسەیە باش خەڵکی هەڵسەنگێنێ نەك وا بزانێ ئەو کەسەی ئەو حەزی پێی نییە خەڵکیش حەزیان پێی نییە.